مەسرور بارزانی: سەبارەت بە پرسی سەرۆک کەمار هەشتا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە



مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سەبارەت بە پرسی سەرۆک کەمار، هەشتا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە، چاوەڕێین بزانین ئەو شاندانەی دێن و دیدار ئەنجامدەدەن و ئەو وەختە بڕیاری پێدوایستییەکان و بڕژەوەندییە باکانی گەل چی بڕژەوەندیی بێت، ئەو بڕیار دەدەن.
مەسرور بارزانی ئەمڕۆ یەکشەممە لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنوسان لەسەر شاری هەولێر لەبارەی سەردانی شاندی چوارچێوەی هەماهەنگی ڕایگەیاند، "سەبارەت بە پرسی سەرۆک کەمار، هەشتا هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە، چاوەڕێین بزانین ئەو شاندانەی دێن و دیدار لەگەڵ جێنابی سەرۆک بارزانی دەکەن و لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتیش، ئەمش ئەو وەختە بڕیاری پێدوایستییەکان و بڕژەوەندییە باکانی گەلەکەمان، چی بڕژەوەندیی بێت، ئەو بڕیار دەدەین".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دوای هەڵبژاردنی کوردستان کە ساڵێک زیاتری بەسەردا چوە، وتومانە پێویستە ڕاز لە دەنگی خەڵکی کوردستان بگیرێت و ڕاز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بگیرێت، ئەمە هەر لەسەر ئەو بیرکەی خەمان بردەوامین، ئەمە بیروبۆچونی پارتییە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبن بە ڕێگە بە دروستکردنی کابینەی حکومەت".

مەسرور بارزانی لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم و سەرۆك کۆمار وتی، "دو پرسی جیاوازن، هەڵبژاردنی کوردستان لەرێ کراوە و هەڵبژاردنێکی تریش لە سەرتاسەری عێراق کراوە دو پرسی جیاوازن و پێموا نییە تێکەڵ بکرێن یان هیچ لە بابەتکان بگوترێت، بۆیە ئەمە بە دو پرسی جیاواز تەماشای هەردو لایان دەکەین".